

دانـــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی دەیەم

هاوڕێ دڵم بۆتە ئاوێنەی دڵۆپە فرمێسکێکی نامۆ لە شکانی زۆر ئەترسم !

چەند سەیرم من ئاخر ئەمەوێت ڕۆژێك هەبێت لەم جیهانە کەس سەیری ئاوێنە نەکات تا دڵنیا بم کە دڵم ناشکێت ئەو دڵۆپە فرمێسکەش ئەبێت بە مرواری یەکی بە نرخ و بۆ هەمیشە ئەمێنێتەوە ...

هەست ئەکەم وەك خونچە گولێکی توڕەم کە لە جەنگی ڕەشەباکان هاتبێتەوە تۆش وەك تیشکێکی خۆری ون بوو بۆ من ئەگەشێیتەوە وەك ئاوێکی کانی دوور ئەتەوێت بۆ من بژێیتەوە ،من ماندووم هاوڕێ تۆ کە لە خەیاڵەکانم نزیکتری بۆ هێندەی ئاسمان لە من دووریت!!!

چ پرسیارێکی قورسم ئاراستە ئەکەیت ! من کە پێت ئەڵێم نیشتمانێکی بەستووە دڵی من ! بۆ چی بە و وشانەت ئەمخەیتە وە گوڵستانەکانی باخی عەدەن لە کاتێکا سەرابە دڵی من ! ..ئەوە تەنها تۆی کە لە تریفەی مانگ ئەچیت ، پەنجەرەکەت داخە ئەمشەو نەوەك سبەینێ خۆر بتفڕێنێت !

باسی وەستانی دڵ مەکە ئەبێت لە بێ دەنگیم ڕابێیت.. تازە بە هەموو دنیایا هاوار کەیت دەنگت ناگاتە گوێم پیرۆزی مرۆڤ لە هەست و بەهاو ڕێزدایە تۆ پێم بڵێ هیچ مرۆڤێك هەیە زۆربەی بەهاکانی خۆی لە دەست نەیابێت !..کوا ئەو مرۆڤەی ڕەسەنایەتی لە دەست نەیاوە؟ ئەی لە کوێ ئەژی؟کام ئەستێرەیە نیشتیمانەکەی!

دڵی تۆ چەن لە دڵی من ئەچێت ئەو کاتانەی تەنیایی سەراپای ڕۆحی داگیر کردویت ،ئەو کاتانەی بەرامبەر عەشق ئەجەنگێیت ،ئەو کاتانەی وەك خەیاڵەکانی من بیر لەوە ئەکەیتەوە جەنگاوەرەکان لە باتی تفەنگ ئامێرێکی میوزك بگرن بە دەستەوە و دەنگەکان بگۆڕێت بۆ هێزێکی ئارامکەرەوە یان فڵچەی شێوەکارێکی گەشبین ڕەنگی ڕەش بگۆڕێت بە ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە ئەها تەنها شتێك کە ڕوو ئەیات ئارامکردنەوەی دەرونە ..بەڵام ئەسەف دەرونی من لە گێژاوی عەشقی تۆیا ئەخولێتەوەو ئاوێنەی دڵ پێچەوانە ئەبێتەوەو هەرگیز ناگات بە ئارامی ...

هاوڕێ شەوێك هەبوو لە تەمەنما کە پەشیمان بووم لە بڕیارێکی دروست ویستم بڵێم عەشق لە سەروو ئاسمانەکانەوەیە ویستم بچمە باوەشی مانگ کەچی ئەو نەیتوانی بگات بە من ! ئەو هەرگیز لەناو زەمەنی نقوم بووی خۆیا نەهاتە دەر

ئێَستا تێ گەیشتم هاوڕێ کەسێك نی یە کە شایستەی دڵی من بێت ئاخر هەموو فریشتەکانی ئاسمان بۆم ئەگەڕێن ئەوان نازانن من لە دارستانێکی بە ناو زەوی مرۆڤەکان باڵەکانم وەك گەڵای پایز هەڵوەریون !..ئەمە چ بەد بەختی یەکە کە تۆ ڕۆحی منت ون کردووە کەچی لەم هەموو بێ ئارامی یەم دا هەر چاوەڕێ ی تۆم! ئەها تۆ بە قەدەر ئەو ژانانەی پێم ئەبەخشی ئاسودەیت منیش هێندەی گەورەیی درۆکانت خەمبارو تەنیام هاوڕێ هەموو شەوێك ئەتنوسمەوەو ناگەمە کۆتایی زۆر جار دڵم ئەلەرزێت ،زۆر جار هەناسەم ئەوەستێت،زۆر جار بە سەمای ئازاری ڕۆحم مەست ئەبم! ئاخر تۆ لە هیچ کەس نەچوویت،کەس لە تۆ نەچووە!..تۆ لەگەڵیشما بیت هەر بیرت ئەکەم ..

هاوڕێ خۆشم ویستی ویت و خۆشم ئەوێیت ئەوەت لە یاد بێت لەوانەیە ئەمە دوا نامەم بێت خۆت ئەزانی سەفەر ئەکەم سەفەرێکی دور خۆ تێ ئەگەی لێم ڕەنگە هەرگیز نەتبینمەوە هەرگیزیش لە یادت ناکەم ...

دانـــە ر